Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

# ڕێنمایەک بۆ دەستگیرۆیی (بەنەفێت) ـەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند

ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند دەزگایەکی ڕاپەڕاندنی حکومەتی سکۆتلەندە. ئێمە یارمەتی خەڵک دەدەین لە سکۆتلەند لەڕێگەی گەیاندنی بڕە پارەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە.

ئاسایشی کۆمەڵایەتی مافەکانی مرۆڤە و خزمەتگوزارییەکەمان لەسەر بنچینەی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک بە شکۆمەندی و دادپەروەری و ڕێزەوە دامەزراوە.

ئێمە ئێستا دەستگیرۆیی (بەنەفێت)بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک پێشکەش دەکەین، لەوانە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، سەرپەرشتیاران، گەنجان، بەساڵاچووان و خێزانەکان.

**بۆ ئەو کەسانەی کە منالی خوار تەمەنی 16 ساڵیان هەیە**

ئەو کەسانەی کە یونیڤێرسەڵ کریدت یان هەر دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ێکی شایستەی تر وەردەگرن دەشێت شیاو بن بۆ پێنج بڕە پارەی تایبەت بە خێزان.

**بڕە پارەی بێست ستارت گرانت بۆ دووگیانیی و کۆرپە**
بڕە پارەیەکە بەبڕی 767.50 پاوەن بۆ یەکەم منالْ و 383.75 پاوەن بۆ منالەکانی تر. خەڵک دەتوانن لە کۆتایی هەفتەی 24 ی دووگیانییەوە هەتا ئەو کاتەی کە کۆرپەکەیان تەمەنی دەبێت بە 6 ساڵ داوا پێشکەش بکەن.

**بڕە پارەی بێست ستارت گرانت بۆ فێربوونی سەرەتایی Best Start Grant Early Learning Payment**
بڕە پارەیەکی 319.80 پاوەنە کاتێک منالەکەت تەمەنی لەنێوان 2 ساڵ و 3.5 ساڵدایە. ئەگەر کەسێک منالەکەشی نەچێتە باخچەی ساوایان ئەو هێشتا هەر دەتوانێت بڕە پارەکە وەربگرێت.

**بڕە پارەی بێست ستارت گرانت بۆ تەمەنی قوتابخانە Best Start Grant School Age Payment**
بڕە پارەیەکە بەبری 319.80 پاوەن کاتێک کە منالەکەت ئەوەندە گەورە دەبێت کە بچێتە قوتابخانە/ تۆ پێویستیت بەوە نییە کە منالەکەت لە قوتابخانە داخڵ بکەیت بۆ وەرگرتنی بڕە پارەکە.

**بێست ستارت فوودس Best Start Foods**
بڕە پارەیەک هەر 4 هەفتە جارێک دەخرێتە سەر کارتێک کە پێشتر پارەکەی دراوە لەکاتی دووگیانییەوە هەتا منالەکە تەمەنی دەبێت بە 3 ساڵ بۆ کڕینی خواردنی تەندروست.

**بڕە پارەی منالان لە سکۆتلەند Scottish Child Payment**
بڕە پارەیەکی 108.60 پاوەنی هەر 4 هەفتە جارێک بۆ هەر یەک لە منالەکانت کە لە خوار تەمەنی 16 ساڵەوەن.

**بۆ ئەو گەنجانەی کە پێ دەنێنە ناو بواری کارکردن**

**بڕە پارەی دەستکردن بە کار Job Start Payment**
بڕی 319.80 پاوەن بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لەنێوان 24-16 ساڵدایە سەبارەت بە تێچووەکانی دەستکردن بە کارێکی نوێ. ئەوە بۆ ئەو کەسانە بەردەستە کە بۆ ماوەی 6 مانگ یان زیاتر هەندێک جۆری دیاریکراوی دەستگیرۆیی (بەنەفێت) وەردەگرن و دەگەڕێنەوە بۆ کارکردن دوای ئەوەی کە بێکار بوون. ئەو کەسانەی کە منالیان هەیە بڕی 511.65 پاوەن وەردەگرن.

**بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستییان بە یارمەتییە بۆ دانی پارەی پرسە و ماتەمینی**

**بڕە پارەی پشتگیریی پرسە و ماتەمینی Funeral Support Payment**
بڕە پارەیەکی یەکجارەیە بۆ یارمەتیدان سەبارەت بە هەندێک لە تێچووەکانی پرسە و ماتەمینی. بۆ ئەو کەسانەی کە یونیڤێرسەڵ کریدت یان دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی شایستە دیکە وەردەگرن.

**بۆ یارمەتیدانی خەڵک بۆ گەرمکردنی ماڵەکانیان**

**بڕە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا بۆ مناڵ Child Winter Heating Payment**
251.50 پاوەن ساڵی جارێک دەدرێت بەو منداڵ و گەنجە کەمئەندامانەی کە دەستگیرۆیی (بەنەفێت) ی شایستە وەردەگرن

**بڕە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا Winter Heating Payment**
بڕە پارەیەکی ساڵانەی 59.75 پاوەنە کە خۆکارانە دەدرێت بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە هەندێک دەستگیرۆیی دیاریکراو وەردەگرن.

**بۆ سەرپەرشتیارەکان**

**بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار Carer Support Payment**
پارە بۆ یارمەتیدانی خەڵک ئەگەر سەرپەرشتیاری بێ مووچە بن. دەتوانن هەفتەی 83.30 پاوەن وەربگرن ئەگەر شیاو بن بۆی.

**بڕە پارەی تەواوکاری دەرماڵەی سەرپەرشتیار Carer’s Allowance Supplement**
بڕە پارەیەکی زیادەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار وەردەگرن. ئەوە خۆکارانە دەدرێت.

**پارەی سەرپەرشتیاری گەنج Young Carer Grant**
بڕە پارەیەکی 390.25 پاوەن ساڵی جارێک بۆ ئەوانەی کە تەمەنیان 16، 17 و 18 ساڵە و ماوەی دەوروبەری 16 کاتژمێر لە هەفتەدا سەرپەرشتی کەسێک دەکەن کە دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی کەمئەندامی وەردەگرێت.

**بۆ کەسانی کەمئەندام**

**بڕە پارەی کەمئەندامی منداڵ Child Disability Payment**
بڕە پارەیەک بۆ یارمەتیدان سەبارەت بە تێچووە زیادەکانی سەرپەرشتیکردنی منداڵێک کە کەمئەندامە، نەخۆشیی کوشندەی هەیە یان دۆخێکی تەندروستی درێژخایەنی هەیە.

**بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان Adult Disability Payment**
بڕە پارەیەکە بۆ یارمەتیدانی خەڵک سەبارەت بەو تێچووە زیادانەی کە بەهۆی کەمئەندامیی، هەبوونی دۆخێکی تەندروستی درێژخایەن یان نەخۆشییەکی کوشندەوە دێتە سەریان.

**بڕە پارەی کەمئەندامیی تەمەنی خانەنشینی Pension Age Disability Payment**
بڕە پارەیەکی زیادە بۆ ئەو کەسانەی کە گەیشتوونەتە تەمەنی خانەنشینی و پێداویستی سەرپەرشتییان هەیە سەبارەت بە کەمئەندامیی یان دۆخی تەندروستی درێژخایەن، یان نەخۆشییەکی کوشندەیان هەیە.

**چۆن دەتوانم داوا پێشکەش بکەم؟**
سەردانی **mygov.scot/benefits** بکە بۆ داوا پێشکەشکردن لەسەر ئینتەرنێت. یان بێ بەرامبەر تەلەفونمان بۆ بکە بە ژمارە **0800 182 2222** بۆ داوا پێشکەشکردن بە تەلەفون، داواکردنی فۆڕمێکی داوانامەی کاغەز یان بۆ دانانی وادەیەک بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری کەسی لە کات و شوێنێکدا کە بۆ تۆ لەبارە.

**خەڵک چۆن دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن؟**

بەبێ بەرامبەر تەلەفۆمنان بۆ بکە: 0800 182 2222

خزمەتگوزاری گواستنەوەی تێکست: 4000 244 0300+ 18001 (بۆ ئەوانەی کە گوێیان گرانە)

بەکارهێنەرانی زمانی هێمای بەریتانی: contactscotland-bsl.org

وێبچات: chat.socialsecurity.gov.scot

**فۆڵۆی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند (Social Security Scotland) بکە**